**سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٨٢ لە ٢٠١٧/٢/١٢**

## بڕیاری ژمارە (١٠٠) ساڵی ٢٠١٧

پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٢) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٣١ , بڕیاردرابە:-

١- دەستنیشانکردنی ڕۆژی (١)ی ئازاری ساڵی ٢٠١٧ بە دوا وادەی تۆمارکردنی مووچەخۆران لە سیستمی ناوەندیی تۆمارکردنی بایۆمەتری سەرجەم مووچەخۆرانی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان هەر مووچەخۆرێکی مەدەنی کە بە بەردەوامی مووچە لە حکومەت وەربگرێت لە ژێر هەر ناو و ناونیشانێك بێت لەو ماوەیدا ناوی خۆی تۆمار نەکات , ئەوا خۆی بەرپرسیارێتی دەرئەنجامەکەی لە ئەستۆ دەگرێت .

٢- سیستمی ناوەندیی تۆماری بایۆمەتری سەرجەم مووچەخۆرانی سەربازیی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزەکانی ئاسایشی سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەزگای ئاسایشی گشتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە .

٣- پیویستە لەسەر سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بە مەدەنی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزەکانی ئاسایشەوە ئەوانەی کە پەیڕەوی سیستمی ژمێریاریی نامەڵبەندی(نظام المحاسبي اللامركزي) دەکەن کە دەبێت خەرجییەکانی مووچە مانگانە لەلایەن گەنجینەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابورییەوە وردبینی و پەسەند بکرێت هاوشێوەی ئەوانەی کە سیستمی ژمێریاریی مەڵبەندی(نظام المحاسبي المركزي) پەیڕەو دەکەن و پێویستە لەسەر گشت دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان بە بێ ڕەچاوکردنی جۆر و سروشتی ئەو سیستمە ژمێریارییەی بەکاریدەهێنن وێنەیەك لە خشتەی مووچەخۆرانیان مانگانە و بە بەردەوامی بنێرن بۆ (وەزارەتی دارایی و ئابووری) و (سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/نووسینگەی تایبەتی هەردوو بەڕێزان سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) بەپێی ئەو نووسراو و فەرمان و ڕێنماییانەی پێشتر لەم بارەیەوە گشتاندنی بۆکراوە .

٤- ڕاگرتنی دانان و دامەزراندن لە بری مووچەخۆر (نشر و فصل) بۆ ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە گشت بوارەکان کە پارە لە بودجەی گشتی وەردەگرێت لە ژێر هەر ناو و ناونیشانێکدا بێت و بە هەر شێوەیەك لە(مووچە ،

دەرماڵە ، بەخشین ، هاوکاریی ، خانەنشینی ، مووچەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە مووچەخۆری مەدەنی و سەربازیی و هێزەکانی ئاسایش و ئاسایشی ناوخۆ و مووچەخۆری هەمیشەیی و کاتی و گرێبەستیشەوە) لە کاتی چۆڵبوونی میلاکی هەر مووچەخۆرێك بە هیچ شێوەیەك و لە ژێر هیچ پاساوێکدا جێگەکەی پڕناکرێتەوە و هەر بڕیار و فەرمانێکیش بە پێچەوانەی ئەم بڕگەیە دەربچێت کاری پێناکرێت و بە هەڵوەشاوەی دادنرێت و ئەو کەسەشی بە پێچەوانەی ئەم بڕگەیە دادەنرێت هیچ مافێکی ناکەوێت و ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتەوە .

٥- وەزارەتی دارایی و ئابووری و گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

٦- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی فەرمانگەی یاسایی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕینمایی و ڕێبەری پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکات .

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**